# کۆنگرەی ئازادی عێراق لەشاری بەغدا
# کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە ستراتیژی بوش دەبەستێت

رۆژی 2007/1/16 بەئامادەبوونی سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرە، عبدالهادی الفتلاوی بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی کۆنگرەو قاسم هادی بەرێوەبەری سەتەلایتی کۆنگرە "سنا"و سکرتێری یەکێتی بێکاران لە عێراق، کۆنگرەی ئازادی عێراق کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە "ستراتیژی نوێ"ی ئیدارەی بوش بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن لە شاری بەغدا سازدا.

سەرەتا سەرۆکی کۆنگرە کورتەیەکی لەبارەی هەڵوێستی کۆنگرە بەرامبەر بەم ستراتیژیەو ئاکامەکانی، هەروەها راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن پێشکەشکرد. لەدرێژەی کۆنگرەکەدا کەناڵەکانی راگەیاندن پرسیارەکانی خۆیان ئاراستە کرد کە زۆربەیان لەبارەی هەلومەرجی سیاسی عێراقو ستراتیژی کۆنگرەی ئازادی عێراق بوون بۆ دەربازبوون لەم قەیرانەی عێراق تێیکەوتووە. سەمیر عادل لەوەڵامدا روونیکردەوە کە چوونەدەرەوەی داگیرکەری ئەمەریکیو پێکهێنانی حکومەتێکی عیلمانی نا قەومی تەنها رێگای رزگاربوونە لەم ئەزمەیە، وە خولانەوەش لەو مەدارەدا کە ئیدارەی ئەمەریکا بۆخۆیو بۆ ئەوانەی دەوروبەری دیاریکردووە تەنها هەرجو مەرجو پشێوی عێراقو ناوچەکە قووڵ دەکاتەوەو وەزعی ئەمنی بەرەو خراپتر دەبات، هەروەها سەبارەت بە وەزعی خزمەتگوزاریەکانیش کە رۆژبەرۆژ بەرەو خراپتر دەڕوات.

جێگەی باسە کە بۆ یەکەم جار سەتەلایتی "سنا" لەم کۆنگرەیەدا حزوری خۆی نیشاندا کە ماوەیەکە دەستکراوە بە دامەزراندنیو بڕیارە لەماوەی چەند هەفتەی ئایندەدا پەخشی ئەزموونیی خۆی دەستپێبکات. هەروەها کەناڵەکانی سەتەلایتی (**الحرة، المصرية**، mbc، **الاخبارية، الديار، السومرية، دبي، العراقية، البغدادية**، abn، LBC، **النيل، الراي، القناة الثانية، تونس، الكويتية، الاماراتية،... الخ**) هەروەها رادیۆ سەوا ئامادەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە بوون.

**ناوەندی راگەیاندنی**

**کۆنگرەی ئازادی عێراق**

2007/1/16